# خۆتان بە دوور بگرن لەم کردەوە بۆگەنە ـ زیناکردنـەـ کە الله نەهی لێکردووە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی کەسە ئەلئەسلەمیەکەی ڕەجمکرد؛ هەستا وفەرمووی: «خۆتان بە دوور بگرن لەم کردەوە بۆگەنە ـ زیناکردنـەـ کە الله نەهی لێکردووە، هەرکەسێک ئەم کارەی کرد؛ با خۆی داپۆشێت وخۆی ئاشکرا نەکات مادام الله دای پۆشیوە، وبا تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای الله، هەرکەسێک نهێنی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکات؛ ئەوا حوکمی الله ی بەسەردا جێ بە جێ دەکەین».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الحاكم والبيهقي)]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا پاش ئەوەی ماعزی کوڕی مالکی ئەسلەمی ڕەجم کرد -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر زینا کردن، وتاری دا وفەرمووی: دوور بکەونەوە لەو گوناهە پیس وبێزراو وقێزەونانەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردون، وهەرکەسێك تووشی شتێکیان بوو؛ ئەوا دوو شتی لەسەر واجبە: یەکەم: خۆی داپۆشێت چونکە خوای گەورە داپۆشیووە وتاوانەکەی بۆ کەس باس نەکات. دووەم: دەستبەجێ تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای الله ویێداگیر نەبێت لەسەر کردنی تاوانەکە، ئەوەی تاوانەکەی بۆمان دەربخات ئەوا حوکمی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەکەین کە لە قورئاندا هاتووە سەبارەت بەو تاوانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58240

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee